# کوردستانی یەکگرتووی دەوڵەمەند بە ئایین و زاراوە، مەترسییەبۆ داگیرکەر

نووسینی: بەیان کورد فەرشی

لە مێژووی کۆن و نوێیدا، تەنانەت بەر لە سازبوونی سیستەمی دەوڵەتشارەکان، کاتێک دەسەڵاتێک یان هێزێکی داگیرکەر، ئامانجی درێژەپێدانی دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵەخەڵکێک یان نەتەوەیەکدا بوو‌بێت، یەکەم شتێک کە هەوڵی شکاندنی دراوە، سنووری جوگرافیایی نەبووە؛ بەڵکوو یەکگرتوویی ناسنامەی ئەو کۆمەڵەخەڵکە یان نەتەوەیە بووە.

بۆ ئەو مەبەستە، بەهاکانی ئەو خەڵکانە وەک زمان بە زاراوە جیاوازەکانیەوە، ئایین، نەریت و چاند و مێژوو کە دەبنە هۆی یەکگرتوویی، وەکوو ئامرازی دابەشکردن و لاوازکردنی یەکگرتوویی نەتەوەیی کەڵکیان لێوەرگیراوە. بە واتایەکی تر، بەرگی سیاسیبوون کراوەتە بەر جیاوازییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا و بۆ لاوازکردنی یەکگرتوویی خەڵک خراونەتە گەڕ. بۆ نموونە ئاشوورییەکان پێش سەردەمی دەوڵەت-شارە مۆدێرنەکان، ستراتیژییەکیان هەبوو، پێی دەگوترا **"ڕاگواستنی بەکۆمەڵ"**،کاتێک گەلێکیان داگیر دەکرد، تەنیا سنووریان تێکنەدەدا، بەڵکوو خەڵکەکەیان بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش دەکرد و تێکەڵ بە گەلانی تریان دەکردن. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە زمان، کولتور و ناسنامەی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیە لەناو ببەن تا چیتر نەتوانن بە یەکەوە بیر لە شۆڕش بکەنەوە.

دەستەواژەی سیاسی" جیاوازی سازکە و زاڵ بە Divide and“) ” rule”)،میکانیزمێکی ناسراوی سیاسی و مێژوویی داگیرکارییە لە خزمەت داگیرکەربۆ خۆسەپاندن و کۆنترۆڵکردنی نەتەوەکانی تر. داگیرکەر هەمیشە جیاوازییەکان دروست ناکات، بەڵکوو جیاوازییەکان دەبینێتەوە، دەیانگۆڕێت و دەیانکات بە خاڵی ناکۆکی .

ئەوەی داگیرکەر چۆن دەبێتە هۆکاری لاوازکردنی ئەم یەکگرتووییە، پرسیارێکە شیاوی وردبوونەوە و بیرکردنەوەی قووڵ و توێژینەوەیەکی بەربڵاوی ئامانجدارە، چون ئەم پڕۆسەیە زۆرجار نە بەخێرایی، بەڵکو

بەهێواشی و بەئەسپایی و لە ماوەیەکی درێژخایەندا دەچێتە پێش.
نیشانەکانی ئەم پرۆسە ڕووخێنەرە یەک لە دوای یەک دەردەکەون و پێویستی بە چاوێکی وردبین و خوێندنەوەیەکی مێژوویی هەیە کە بتوانێت پەیوەندی نێوانیان ببینێتەوە.

لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و زانیستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکانەوە، نەتەوە تەنیا بەپێوەری زمان یان ئایین دیاری ناکرێت. مێژووناسان و زانایانی پسپۆڕی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم وەک بێنێدیکت ئەندرسن، ئێرنێست گێلنێر و ئەنتنی سمیس نیشان دەدەن کە ناسنامەی نەتەوەیی بە کۆمەڵێک هۆکار دروست دەبێت؛ وەک مێژووی هاوبەش، بیرەوەری کۆمەڵایەتی، چاند، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەست بە هاوبەشبوون و هەروەها زمان. بۆیە، هەبوونی زاراوەی جیاواز یان جیاوازی ئایینی خۆی لە خۆیدا بەڵگە نییە کە گرووپێک سەر بە نەتەوەیەکی جیاواز بن .

لە مێژووی وڵاتانی کەم ـ دەسەڵاتدا، زۆر جار هەوڵدراوە جیاوازییە ناوخۆییەکان بۆ ئامانجی سیاسی بەکاربهێندرێن، بەڵام سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵانە زۆرتر پێوەندی بە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەستی هاوبەشی خەڵکەوە هەبووە، نەک تەنیا بە هەبوونی جیاوازییە زمانی یان ئایینییەکان.

لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هەر جیاوازییەکی زاراوەیی، ئایینی یان کۆمەڵایەتی، نیشانەی جیاوازیی نەتەوەیی نییە. نەتەوە بە یەک پێوەر دیاری ناکرێت. بۆیە هەبوونی چەند زاراوە یان چەند ئایین لە ناو کۆمەڵگایەکدا، نابێتە بەڵگە بۆ بوونی چەند نەتەوە، بەڵام ئاخۆ ئەم جیاوازییانە چۆن دەکرێنە ئامرازێکی سیاسی بۆ دابەشکردنی نەتەوە لەلایەن داگیرکەرەوە؟

پیلانی نوێی داگیرکەری فارس بۆ دابەشکردنی کورد لەسەر ناوی زاراوە و ئایین وەک ئەم هەوڵە مێژووییانە دەچن کە پێشتر لە مێژووی ولاتانی تردا ڕوویانداوە. بۆیە مێژووی نە زۆر کۆنی وڵاتانی تر، سەرەداوێکی بەنرخمان دەدەنە دەست بۆ شەنوکەوکردنی ئەم پرۆسەی دابەشکردنە.

بۆ ئەم مەبەستە و باشتر شیکردنەوەی دۆخەکە ئاوڕێک دەدەینەوە لە وڵاتی ڕواندا و ڤیەتنام وەکوو دوو نموونەی شکەستخواردووی پرۆژەپیلانی داگیرکاری کە چۆن بوونە دەستەچیلەی خەونەکانی زلهێزانی ئەوروپایی و ئەمریکایی و چون مافەکانیان بە خراپترین و قیزەوەنترین شێواز پێشێل کرا، بەڵام سەرەڕای ئەم داگیرکارییە بەپیلان داڕێژراوە کە تا ناخی ئەم کۆمەڵگایانە ڕۆچووبوون، ئەنجامەکەی ناسەرکەوتوو بوو.

لە ڕواندا، جیاوازیی کۆمەڵایەتی دەکرێتە ناسنامەی ڕەگەزی. داگیرکاری بەلژیک لە ساڵی ١٨٩٧ەوە دەستی پێکرد و هێزەکانی بەلژیک لە ساڵی ١٩١٦ڕواندایان لە هێزە ئاڵمانییەکان ساندەوە و لەڕێگەی" گریمانەی حامیتی "و بەفەرمیکردنی ناسنامەی ڕەگەزی لە ڕواندا، جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان دوو خێڵی هوتوو و تووتسی قووڵکردەوە و تووتسییەکانی وەک ڕەگەزی باڵاتر وێنا کرد. ئەم سیاسەتە ڕقێکی قووڵی چاند، کە دواتر بووە هۆی شۆڕشی ١٩٥٩. لەپاشان بەکارهێنانی هەمان ناسنامەی ڕەگەزی لەلایەن هوتووەکانەوە بوو بە هۆکاریی ڕەشەکوژی ساڵی ١٩٩٤ لەدژی تووتسییەکان.

لەپێش هاتنی داگیرکەرانی ئاڵمانی و بەلژیکی بۆ ڕواندا، هوتوو و تووتسی وەکوو دوو نەتەوەی جیاواز نەدەناسران؛ بەڵکوو دوو هۆز یان دوو تایەفەی جیاواز بوون کە زمان، چاند، دابونەریت، مێژوو و ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوبەشیان هەبوو. جیاوازییەکە زۆرتر پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەبوو، نەک بە زمان یان ڕەچەڵەکەوە: تووتسییەکان ئاژەڵدار و مەڕدار بوون و هوتووەکان وەرزێر بوون و خەریکی کشتوکاڵ، بەڵام لە سەردەمی داگیرکارییان لەلایەن بەلژیکەوە، ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییە وەکوو ئامرازێکی سیاسی کەڵکی لێوەرگیرا. بەلژیکییەکان بەکەڵکوەرگرتن لە بیرۆکە ڕەگەزپەرستییەکانی ئەو سەردەمە، لەوانە **گریمانەی حامیتی** کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەر جۆرە نیشانەیەکی شارستانییەت، پێشکەوتن یان دەسەڵاتی ڕێکخراو لە ئافریقا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤە سپی پێستە کۆچەرەکان. بە لەبەچاوگرتنی دۆخی باشی ئابووری تووتسییەکان و ئەوەیکە دەسەلات و پاشایەتی لەدەست ئەواندا بوو، گریمانەی حامیتییان بەسەردا سەپاندن و بە ڕەگەزی سەرتر و بانتر دەستنیشانیان کردن؛ پاشان ناسنامەی ڕەگەزی

هوتوو، تووتسی و توا وەکووسێ ناسنامەی فەرمی تۆمار کران و ئەوەی پێشتر جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی بوو، بوو بە ناسنامەیەکی ڕەگەزی.

ئەم گریمانەیە هیچ بنەمایەکی زانستی نەبوو؛ بەڵکوو گریمانەیەکی ڕەگەزپەرستانەی ئەو سەردەمە بوو کە لەلایەن مێژووناسان و مرۆڤناسانەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەتکراوە. گریمانەیەک بوو بۆ سازکردنی ڕق و دوژمنایەتی لەنێوان خێڵەکانی ڕواندا بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنیان .

بەلژیک لە سەرەتاوە، پێگەی فەرمانڕەوایی و دەرفەتی زیاتری لە پەروەردە و کارگێڕی بۆ تووتسییەکان دەستەبەرکرد و هوتووەکان لە پەراوێز خران کە بووە هۆی سازبوونی دووبەرەکی لەنێوان دوو خێڵ و دروستکردنی هەستی“ ئێمە و ئەوان ”لەنێوان تووتسی و هوتووەکاندا. دواتر بەلژیک سیاسەتی گۆڕی و پشتیوانیی لە خێڵی هوتووەکان کرد و بەهێزی کردن. ئەم میراتەی سەردەمی داگیرکاری، لەگەڵ هۆکارە سیاسی، ئابووری و ناوخۆییەکانی دیکە، بەشێکی گرینگ لە پاشبنەمای ناکۆکییەکانی ڕواندای پێکهێنا و لە کارەساتەکەی ساڵی١٩٩٤دا بە شێوەیەکی وێرانکەر دەرکەوت، کە نزیکەی هەشتسەد هەزار هەتا یەک ملیۆن کەس لە ماوەی سەد ڕۆژدا کوژران، زۆربەیان تووتسی و هەروەها هوتووگەلێک کە لەدژی ئەم شەڕە بوون.

گرنگترین وانەی ڕواندا ئەوەیە کە جیاوازیی کۆمەڵایەتی خۆی لە خۆیدا مەترسی نییە؛ بەڵکو کاتێک دەسەڵات و سیستەمی سیاسی داگیرکەر ئەمجیاوازییە دەکاتە ناسنامەیەکی فەرمیی رەگەزی، دەتوانێت ببێتە بنەمای دابەشکردن، ناکۆکی و دوژمنایەتی، بۆیە نموونەی ڕواندا پیشان دەدات کە چۆن سیاسەتی "جیاوازی سازکە و زاڵ بە" دەتوانێت جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ قازانجی خۆی و بۆ دارمانی خەڵک و بەهاکانیان، بەرەوئامانجێکی سیاسی بگۆڕێت. لە هەمان کاتیشدا، زیندووبوونی ویستی یەکگرتوویی وڵات لەناو کەمینەی بیرمەنددا، شکەستی بە پیلانی داگیرکەر هێنا و وڵات بۆ یەکگرتوویی و ئارامی خۆی گەڕایەوە.

کارەساتێکی هاوشێوە لە وڵاتی ڤیەتنامیش ڕوویدا. مێژووی هاوچەرخی ڤیەتنام لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ساڵی ١٩٧٥، ڕووبەڕووی دوو

شەپۆلی داگیرکاریی جیاواز بۆتەوە؛ سەرەتا فەڕەنسا بۆ دەستکەوتی ئابووری و کۆلۆنیالیزم، و دواتر ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕی سارددا بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم دەستیان بەسەردا گرت. بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان، داگیرکەران بە شێوازێکی سیستماتیک،سیاسەتی" جیاوازی سازکە و زاڵبە"ـیان بەکارهێنا و دەستیان خستە سەر چەندین خاڵی هەستیاری کۆمەڵایەتی بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە ناو خەڵکدا، لەوانە:

دابەشکاریی ناوچەیی و ئیداری: فەڕەنسا وڵاتی ڤیەتنامی کردە سێ بەشی جیاوازی باکوور، ناوەند و باشوور و یاسا و سیستەمی حوکمرانیی جیاوازی بۆ هەر ناوچەیەک دانا تا هەستی یەکپارچەیی نەتەوەیی لاواز بکات.

جیاوازیی ئایینی: فەڕەنسا پێگەی کەمینە مەسیحییە کاتۆلیکەکانی، لەباری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەرز نرخاند کە ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گرژی و قین لە نێوان ئەوان و زۆرینەی خەڵکەکە کە پەیڕەوی ئایینی بوودا بوون. دواتریش ئەمریکا لە باشوور پشتگیری لە ڕژێمێکی کاتۆلیکی توندڕەو کرد کە بووە هۆی سەرکوتکردنی توندی باوەڕمەندانی بوودا و نانەوەی ئاژاوەیەکی ناوخۆیی گەورە.

قەدەغەکردنی خوێندنی مێژوو و وێژەی ڤیەتنامی: فەڕەنسییەکان هەروەهازمانی فەڕەنسییان کردە زمانی فەرمی و خوێندنی مێژوو و وێژەی ڤیەتنامییان قەدەغە کرد. تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە چینی دەوڵەمەندی ناوچەی باشوور مافی خوێندنیان هەبوو، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی کولتوری و چینایەتی لە نێوان باکوور و باشووردا دروستکرد.

دابەشکردنی ناسنامەی سیاسی و ئابووری: لە سەردەمی دەستتێوەردانی ئەمریکادا، ناوچەی باشوور کرا بە ناوەندێکی سەرمایەداری و کولتوری ڕۆژئاوایی بەسەردا سەپێنرا، لە کاتێکدا باکوور سیستمێکی سۆسیالیستی پەیڕەو دەکرد، ئەمەش وەک جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان دوو کۆمەڵگادا نیشاندرا.

سەرەڕای ئەم هەوڵە قووڵانە بۆ پارچەکردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئایین، زمان و جیاوازی چینایەتییەوە، هاوبەشیی مێژوویی و کولتوری گەلی ڤیەتنام بووە بەربەستێکی پۆڵایین. ئەم ئامرازە جیاوازانەی دابەشکارییان داهێنا و چۆنیەتی شکەست پێهێنانیان لەلایەن بزووتنەوەی نیشتمانی ڤیەتنامەوە سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٥دا بووە هۆی یەکگرتنەوەی تەواوەتی وڵاتەکە. دیسان لیرەش شکەستی سیستەمی داگیرکاری و سەرکەوتنی ویست و ورەی خەلک بۆ یەکگرتنەوە چەسپێندرا.

نەتەوەی کورد بەسەدان ساڵە لەژێر پرۆژەپیلانی لەیەکتر و لەخۆ نامۆکردندا لەلایەن نەیار و داگیرکەرانی کوردستانەوە، زام و برینێکی سارێژنەبۆوی بە جەستەیەوە لە پەرەسەندن دایە. هەر ئەو پرۆژەپیلانەی کە خەڵکانی ڕواندا و ڤیەتنام و زۆر وڵاتی دیکەی بریندار کرد، کوردیشی دابەشکردووە و لە خاکی خۆی ڕایگواستووە و کۆچی پێکردووە، ناوونیشان و ناسنامەی نوێی بۆ دیاری کردووە و بەسەر نەتەوە و وڵاتی جیاوازدا بڵاوی کردۆتەوە.

کوردەکانی خوراسان، کوردە لۆڕەکان، کوردەکانی سۆڤیەت، کوردەکانی ئەرمەنیستان، کوردەکانی قەزاقیستان، کوردەکانی لوبنان، کوردەکانی گەیلان و مازەندەران و قەزوین دەسکەوتی ئەم پرۆژە پیلانە قێزەوەنەن بە مەبەستی لێکدابڕان،لاوازکردن، لەخۆنامۆکردنی کورد و لەناوبردنی یەکێتی کوردانە بۆ پێشگرتن لەسازبوونی هێزێکی کوردی یەکگرتوو. کوردانی زازا و ئێزەدیش ساڵانێکە کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەم پرۆژەپیلانە بە هۆکاری جیاوازی زاراوە و ئایینەوە. کاتێک کۆڵەکەی دەسەڵاتی داگیرکەر لەژێر مەترسیدا بێ، داگیرکەرپیلانی داڕمانی کۆڵەکەکانی نەتەوەی داگیرکراو دادەڕێژێ .

دەسەڵاتی داگیرکەری فارس لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیسان سیاسەتی دابەشکردنی ڕەچاوکردۆتەوە و خەریکی بەسیاسیکردنی جیاوازیی زاراوەیی و ئایینی لە کوردستانە بۆ قەڵشت خستنەوە ناو کوردان بە مەبەستی لاوازکردنی ئەم یەکگرتووییەی لە بنەڕەتدا بوونی هەبووە و لەپاش شۆڕشی ژینا و سەرهەڵدانی باشووری خۆرئاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتە بەرچاوان. یەکگرتووییەک کە هەم ئەم ڕژیمە و هەم ڕژیمی پاشایەتیش بۆ ماوەی یەک سەدەیە بە شێوازێکی بەسیستەمکراو

خەریکی پچڕپچڕکردنی بوون و شکەستی پڕۆژەکەیان پیلانەکانیانی پووچەڵ کردەوە.

بۆیە پاش هێوربوونەوەی دۆخەکە لەدوای شەڕی ئیسرائیل و ئامریکا لە دژی دەسەڵاتی ئێران، دیسان پڕۆژەی چەند ساڵەی گۆرانیسم و لەکیسمیان زیندوو کردەوە و خەباتێکی چڕیان بە پشتبەستن بە سەرچاوە چەواشەکراو و بەڵگە نازانیستییەکانیان دەست پێکردەوە بۆ لاوازکردنی هێزی کوردی کە لەم دۆخە شڵەژاوەدا دەتوانێ ببێتە هێزێکی مەترسیدار لەدژی یەکپارچەیی جوگرافیای ساختەی ئێران.

پڕۆژە پیلانی بەسیاسیکردنی زاراوەکان و ئایینەکانی کوردستان لەماوەی چلوحەوت ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەچڕی لەگەڕ دابووە و لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەڕۆژکراوەتەوە و کوردانی دەستپەروەردەی ڕژیم بە کتێب و نووسراوەی نازانیستی و بێبنەما، بانگەشەی جیاوازی زمانی و نەتەوەیی نێوان کوردانیان لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاژاوەگێرانی ناوخۆی کوردستانەوە دەست پێکردۆتەوە. ئەوەش ڕێک ئەو سیاسەتەیە کە ولاتانی بلژیک و ئەمریکا و فەڕەنسە لەدژی خەڵکی ڕواندا و ڤیەتنام کەڵکیان لێوەرگرت و گەورەترین و خوێناویترین شەڕی براکوژییان سازکرد.

بەرپرچدانەوەی ئەم پرۆژەپیلانە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی هەیە، گەڕانێک بەناو ئەو بە سەدان بەڵگە و دەسنووسە کوردی و بیانییانەی کە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەپیلانە پووچەڵ دەکەنەوە، دەتوانێ هەنگاوی یەکەم بێت.

یەکەم سەرچاوەی دیرۆکیی کوردی کە باسی زاراوە کوردییەکانی کردبێ، کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە کە لە کۆتایی سەدەی شازدەی زایینی واتە چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە و زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بەسەر چوار زاراوەی جیاوازی کورمانجی، لۆڕی، کەڵهوڕی و گۆرانیدا دابەش کردووە.

ئیبنی حەوقەل، گەڕیدە و جوگرافیناسی عەرەب و ئیستەخری، نەخشەسازی نیشتەجێی ناوچەی فارس لە سەدەی دەی زایینی باس لە

فەرمانڕەوایی کوردی حەسنەوییان دەکەن لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شارەزوورەوە هەتا بروجێرد و نەهاوەند.

هەروەها یاقووت حەمەوی، فەرهەنگنووسی بەڕەچەڵەک یوونانیی سەدەی سێزدەی زایینی باس لە فەرمانڕەوایی کوردی حەسنەوییان دەکات کە پایتەختەکەیان شاپوورخواست یان خوڕەمئاوای ئێستا بووە.

ئیبنی فەزلولڵا عەمەری، مێژوونووسی میسری لە سەدەی چواردەی زایینی لە کتێبی "مسالک الابصار فی ممالک الامصار" بەشێکی کورت و گرینگی تەرخان کردووە بۆ هۆزە کوردییەکانی ئەو سەردەمە. ئەو باس لە هۆزی ئەلکۆران یان ئەلگۆران دەکات پاش هێرشی مەغولەکان. ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە وڵاتی کوردان بەشێکی گەورە لە "بلاد الجبال" (ناوچە شاخاوییەکانی نێوان عێراق و ئێران) دەگرێتەوە. ئەو بە ڕوونی باسی هەمەدان، لوڕستان، دینەوەر و شارەزوور دەکات وەک مەڵبەندی سەرەکی ئەم هۆزانە.

ئیبنی فەزلولڵا عەمەری، باس لە هۆزی "کۆران" یان گۆران وەک یەکێک لە عەشیرەتە بەهێزەکانی کوردەکان دەکات کە خاوەن شەڕکەری بەتوانان و لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیک هەمەدان و کرماشان نیشتەجێن. ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەم هۆزانە خاوەن چەکێکی زۆرن و لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژین کە هێزە دەرەکییەکان، وەک مەغۆلەکان ناتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن.

سەردار ئەسعەد بەختیاری لە کتێبی مێژووی بەختیاری چاپکراو لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی، کورد بەسەر چوار هۆزدا دابەش دەکا: کورمانج، لۆڕ، کەڵهوڕ و گۆران. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە وڵاتی کوردان لە دەریای عوممانەوە دەست پێدەکات و هەتا وڵاتی عوسمانی درێژەی هەیە، هەروەها دیسان زەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لۆڕەکان هۆزێکی سەر بە نەتەوەی کوردن.

کلاودیۆس جەیمز ڕیچ، گەڕیدەی ئینگلیزی لە کتێبی " چیرۆکی نیشتەجێبوویەک لە کوردستان" چاپکراو لە ساڵی ١٨٣٦ی زایینیدا، لە زمان کوردانی بەختیارییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ کە ئەوان خۆیان بە کورد

دەزانن و زمانەکەیان بە زاراوەیەک لە زاراوەی کوردی لۆڕستانی دەزانن.

هۆگۆ گرۆت، شوێنەوارناسی ئاڵمانی کە لە ساڵی ١٩٠٦ی زایینی لە کوردستان بووە لە کتێبی سەفەرنامەکەی چاپکراوی ١٩١٠ی زایینی، هۆزەکانی گۆران و سنجابی و کەڵهوڕ و جاف و هەمەوەند وەکوو هۆزە کوردییەکان ناودەهێنێ و هەروەها ئاماژە بە داودخان کەڵهوڕ و کاریگەری و هێز و دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکەدا دەکا. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆزە کوردییەکان سەرەڕای جیاوازی ئایینییان لە تەبایی و یەکگرتوویيدا پێکەوە دەژین.

فێردیناند هێنن بێشلێر، مێژوونووسی ئاڵمانی لە کتێبی "سەرچاوەی کورد" دا چاپکراوی ساڵی ٢٠١٠ی زایینی، زمانی کوردی بەسەر سێ گرووپە زاراوەدا دابەش دەکا:
ـ گرووپی یەکەم: کوردیی باکوور، کوردیی ناوەڕاست و کوردیی باشوور (واتە: لۆڕی، بەختیاری، بۆیرئەحمەدی و کۆهگیلویە)
ـ گرووپی دووەم: زازایی/دیملی
ـ گرووپی سێیەم: گۆرانی (واتە: هەورامی و باجەلانی)
هەروەها دەڵێ کە کوردەکان نیشتەجێی سەرووی مێزۆپۆتامیا و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تورۆس بوون و بەر لەوەی زمانیان بکەوێتە ژێر کاریگەری خەڵکانی ئێرانیی کۆچکردوو، لەڕووی بۆماوەییەوە بوونیان هەبووە و سەر بە یەک بنەماڵەی بۆماوەیین.
مامۆستا عەلائەدین سەجادی، نووسەر و ئەدیبی کورد لە کتێبی "مێژووی ئەدەبی کورد"، چاپکراوی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە بەغدا، ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی زاراوەی گۆران (هەورامی و گۆران) نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانی کوردییە. ئەو پیشانی دەدات کە چۆن بۆ چەندین سەدە، ئەم زاراوەیە ببووە زمانی ستاندارد و یەکگرتووی وێژەی کوردی (بەتایبەت لە شیعر و کلامەکانی ئایینی یارسانی و لە میرنشینی ئەردەڵاندا) پێش ئەوەی زاراوەی سۆرانی (بابانی) جێگەی بگرێتەوە.
مەولەوی کورد کە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا ژیاوە لە شێعرێکدا ئاوا باسی غەریبی و وڵاتی خۆی دەکات:
مەولەوی! دڵ مات، خاتر پەرێشان
دوور جە هۆزی کورد، مەنزڵ گۆران

مامۆستا سەجادی ئاوا شێعرەکەی مەولەوی شیدەکاتەوە: مەولەوی لێرەدا خۆی بە بەشێک لە "هۆزی گشتیی کورد" دەزانێت، هەرچەندە مەنزڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی لە ناوچەی "گۆران" (هەورامان) بێت. ئەمە دەیسەلمێنێت کە لای مەولەوی، گۆرانبوون تەنیا ناسنامەیەکی ناوچەیی یان خێڵەکی بووە لە ژێر چەتری گەورەی نەتەوەی کورددا.
خانای قوبادی کە لە سەدەی هەژدەی زایینیدا ژیاوە، ئاوا دەڵێ لە شێعرێکدا:
جەستەی من کوردی، ئەسڵم جە کوردی
شیاوەن کوردی بوانۆ هەر دی
دەڵێ کە ڕەچەڵەک و جەستەی من کوردە، بۆیە شیاوی منە کە بەو زمانە بنووسم.

حیلمی کاکەیی، شاعیری کورد کە لەنێوان سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا ژیاوە  لە هۆنراوەیەکی بەناوی "برای دیندارم" ئاماژە بە کوردبوون کوردانی گۆران دەکا:
پەی بەدا عەدو دەروون پڕ قارم
چەنی قەوم یۆم، دڵ ساف و یارم
بە عەباس واتەن، کەساس بازاڕم
پەی کورد گۆران خاس خزمەتکارم

هەتا ئێرە ئەزموونی وڵاتانی دیکەمان هەڵسەنگاند و لەناو لاپەڕە کۆنەکاندا،شایەدیی مێژوومان لەسەر ناسنامە و پێناسەی کوردان وەکوو بەڵگە هێنایەوە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر و جێباوەڕتر، ئەو پێناسەیەیە کە ئێمەی کورد بۆ خۆمانی دەستنیشان دەکەین. کۆنترین و جێباوەڕترینی ئەم بەدەستی خۆ دەستنیشانکردنانەش لەنێو گوتار و کڵامی پیرانی ئایینی یاریدا مۆرکی کوردییان بۆ بەجێهێشتووین کە هیچ پڕۆژەپیلانێک توانایی چەواشەکردنیانی نییە. ئەڕا پێناسەی کوردی گۆران لەناو کڵامی یاریدا دەخوێنینەوە:

سوڵتان سەحاک، دامەزرێنەری ئایینی یاری لەنێوان سەدەی سێزدە و چواردەی زایینی ژیاوە لە ناوچەی بەرزەنجەی سەر بە سلێمانی هاتگە دنیا. لە کڵامێکدا لە کتێبی سەرەنجامدا فەرمایش کەید:

ئەرێ بوانۆ، مەلەک بوانۆ
دەفتەری حەقیقەت بە دەست بوانۆ
مژدە بێ جە غەیب خەبەر وێستانۆ
ئەو ڕای حەقیقەت، بە تەختی شاهی
مەکۆ و مەنزڵش جە" کوردستان"ۆ

هەروەها سوڵتان سەحاک لە کلامێکی دیکەدا فەرمایش کەید:
یاران بزانان ڕای حەق پەیامەن
مەنزڵگە و مەکۆش جە" کوردستان"ەن
ئەو تەختی شاهی جە چێمە مەنیشۆ
هەر کەس تێبۆ جە عەینی یەقینەن

شاوەیس قولی، شاعیر و عارفی ئایینی یاری لە سەدەی پازدەی زایینی لە گوندی دەرزیانی لەنزیک چیای شاهۆ هاتۆتە دنیا. لە کلامێکدا فەرمایش کەید:
ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد
بابۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنێ دەستەی گورد
سلسلەی سپای زحاک کردم هورد

لە کلامێکی دیکەدا لە حزووری سوڵتان سەحاک نووسراو لە "دەفتەری حەق" دا فەرمایش کەید:
هەم بیم وا فەرزان بەشەری ئابات
نامەم بی بە "کورد" لەفزی کوردم وات

بالۆل زانا، گەورەترین و کۆنترین پێشەوای ئایینی یاری لە سەدەی هەشتی زایینی کە لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا ژیاوە. لە کلامێکدا فەرمایش کەید:
یاران مەزانان، یاران مەزانان
ئەو تەختی شاهی جە خاکی کوردان
ئامان بە جێگا جە تەک لۆڕستان
مەوچیۆ پیرۆز ڕای ئەهلی حەقان

باوە سەرهەنگ دەودان، پیر و ڕیبەری ئایینی یاری لە سەدەی دەی زایینیدا ژیاوە خەڵکی گوندی دەودان سەر بە هەورامانی تەخت، هاوسەردەمی میرنشینی حەسنەوییان بووە. لە کڵامێکدا لە کتێبی سەرەنجامدا فەرمایش کەید:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کناممەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئیرمانان هەفتەنەی گوردان
مەکۆم دالاهۆن، مەنزڵم جە کوردان

پیر مووسی مەرەموو، نەتەوەییترین ڕێبەری ئایینی یاری کە لە سەدەی چواردەی زایینیدا ژیاوە و هاوسەردەمی سوڵتان سەحاک بووە، لە کڵامێکدا لە کتێبی سەرەنجامدا فەرمایش کەید:

عەڵەم قودرەت ناجی بی وە پا
پەڕگ خودرەنگی یادگار پووشا
غوڵامان دیشان وە موعجزاتش
بەرگ خودرەنگی بی وە خەڵاتش
کوردو کوردستان داوە بەراتش
پەی علْم قودرەت پەی موعجزاتش
یەکسەر کردەوە کوردو کوردستان
هەم وە موعجزات هەم وە سفرەو خوان

دەروێش نەورووز سوورانی، شاعیری دیاری ئایینی یاری لە سەدەی نۆزدەی زایینی لە ناوچەی سنجابی سەر بە کرماشان ژیاوە، لە شێعرێکدا فەرمایش کەید:
دڵە تو کوردی، دڵە تو مەیلان مەحەلەی کوردی
جە مەیدان یار گرەوی بوردی
پیاڵەی جە ژار هەڵای هڵ خوردی

لە هەموو سەرچاوە کوردییەکان بە کتێب و شێعر و کڵامی ئایینی یارسانەوە، دەبینین کە کورد خۆی لە زمان خۆیەوە باسی ناسنامەی خۆی دەکا و لە باکووری کوردستانەوە هەتا دەریای عەممان بە خاکی خۆی و

شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دیاری دەکا. هەر نەتەوەیەک باشتر و دروستتر و کاملتر لەخەڵکانی تر دەتوانێ خۆی و ناسنامەی خۆی دیاری بکات. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە زۆربەی سەرچاوە کوردییەکانی ئاماژەپێکراو لێرەدا کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتی زایینی، کوردی گۆران لەوێدا خۆی وەکوو کورد پێناسە کردووە و زەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هۆزێکی سەر بە نەتەوەی کوردانە.

هەروەها لە سەرچاوە بیانییەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی کۆنترن، دەبینین کە توێژەر، نووسەر یان گەڕیدەی بیانی بەبێ دەمارگرژی و بەبێ چەواشەکردنی ڕاستییەکان باس لە ڕەچەڵەک و سەرچاوەی هۆزی گۆران وەکوو هۆزێکی کوردی دەکەن.
بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان لەگەڵ دوو وڵاتی ڕواندا و ڤیەتنام و لەگەڕدابوونی هەوڵە دژە کوردستانییەکان لەلایەن داگیرکەری فارسەوە بۆپارچەپارچەکردنی زیاتری خەڵکی کورد لەسەر بنەمای زاراوە و ئایین، بەدڵنیاییەوە مەترسییەک بوونی هەیە و دۆخەکەش هەستیارە، بەڵام هەتا کورد لە بێستوون و ئیلامی دێرین و لالەش و لەناو کڵامەکانی شاخۆشین وپیرشالیار و باوە یادگار ناسنامەی کوردی پێناسەی بێت، ئەم پرۆژەپیلانانە، هەوڵێکی شکەستخواردووی ناسەرکەوتوو دەبن و خەڵکی کوردیش وەکوو وڵاتانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری، ئەم هەوڵە پووچەڵ دەکەنەوە.

# References:


Afzali Shah-Ebrahimi, Qasim, compiler .*Daftar-e Ramzha-yeYaristan: Ganjina-ye Sultan Sahak*] The Book of YaristanRiddles: The Treasure of Sultan Sahak]. Hosseini Publications, ١٩٧٨.

Al-Iṣṭakhrī, Ibrāhīm ibn Muḥammad .*Kitāb al-Masālik wa-al-Mamālik* .Edited by M. J. de Goeje, E. J. Brill, ١٩٢٧.

Anderson, Benedict .*Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism* .Verso, ١٩٨٣.

Bakhtiari, Ali-Qoli Khan Sardar Asad .*Tārīkh-i Bakhtiyārī* . .١٩١٥

Beischler, Ferdinand Henning .*Die Quelle der Kurden* . .٢٠١٠

Bidlīsī, Sharaf Khān .*The Sharafnama, or, The History of the Kurdish Nation, 1597* .Translated and edited by Mehrdad R. Izady, Mazda Publishers, ٢٠٠٥.

*Daftar-e Kalam-e Peshinan: Dawra-ye Balool va Bawa Sarhang*]The Book of the Ancients 'Kalam: The Eras of Balool and Bawa Sarhang]. Goran Intellectual & Research Foundation, ٢٠٢٢.

Gellner, Ernest .*Nations and Nationalism* .Cornell UP, ١٩٨٣.

Grothe, Hugo .*Wanderungen in Persien: Erlebtes und Erschautes* .Allgemeiner Verein für Deutsche Literatur, ١٩١٠.

Hosseini, Sayyid Muhammad, compiler .*Diwan-e Gura* ]The Great Diwan]. Bagh-e Ney Publications, ٢٠٠٣.

Ibn Faḍl Allāh al-ʿUmarī, Aḥmad ibn Yaḥyā .*Masālik al-Abṣārfī Mamālik al-Amṣār* .Edited by Fuat Sezgin et al., ٢٧ vols., Institute for the History of Arabic-Islamic Science at the Johann Wolfgang Goethe University, ١٩٨٨–١٩٨٩.

Ibn Hawqal, Abū al-Qāsim Muḥammad .*Kitāb Ṣūrat al-Arḍ*٢ .nd ed., E. J. Brill, ١٩٣٨.

Jeyhunabadi, Shams-al-Din, editor .*Daftar-e Hazrat-e Nawruz*]The Book of Holy Nawruz]. Shah-Hayas Publications, ٢٠٠٥.

*Kalam-e Dawra-ye Shah-Hayas*] The Kalam of the Shah-HayasEra]. Published by the author, ٢٠٠٥.

Logevall, Fredrik .*Embers of War: The Fall of an Empire and the Making of America's Vietnam* .Random House, ٢٠١٢.

*Modern Rwanda: A Political History* .Cambridge UP, ٢٠٢٤, pp. ٣٢-٥١ .*Cambridge Core* ,doi.org.

Rich, Claudius James .*Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh: With Journal of a Voyage down the Tigris to Bagdad and an Account of a Visit to Shirauzand Persepolis* .Edited by Mary Rich and James Duncan, ١٨٣٦.
Sajadi, Ala'ddin .*Mejûy Adabî Kurdî*.١٩٥٢ .

Saur, Léon. "Rwanda: Identity Papers under Belgian Colonial Occupation." Contributed by Jessica Edwards. *Identification and Citizenship in Africa*, ١st ed., Routledge, ٢٠٢١.

Smith, Anthony D .*The Ethnic Origins of Nations* .Basil Blackwell, ١٩٨٦.

Sultani, Muhammad Ali. *Tarikh-e Khandanha-ye Haqiqat vaMashahir-e Mazhab-e Ahl-e Haqq dar Kirmanshan* [History of the Families of Haqiqat and Celebrities of the Ahl-e HaqqReligion in Kirmanshan]. Soha Publications, ٢٠٠٥.

Suri, Mashaallah. *Sorudaha-ye Dini-ye Yarsan* [Religious Hymns of Yarsan]. Amir Kabir Publications, ١٩٦٥.

Taheri, Tayyab, compiler. *Saranjam*. Kirmanshah Publishing, ٢٠٠٧.

*Tarikh va Falsafa-ye Saranjam: Tahlil va Barrasi-ye Motun-eKohan-e Yarsan*] History and Philosophy of Saranjam: Analysis and Review of Ancient Yarsan Texts]. Kurdish Fine Arts Kurdish Institute in Erbil, ٢٠٠٩.

Yāqūt al-Ḥamawī. *Muʿjam al-Buldān*. Dār Ṣādir, ١٩٧٧. ٥ vols.

*Zabur-e Haqiqat* [Psalms of Truth]. Mukriyani Publishing House, ٢٠١٣.